# شاری مهاباد به ته‌نها نیه ...

ئه‌گه‌ر چی هه‌ل و مه‌رج و بارودۆخی نێوده‌وڵه‌تی ئه‌مرۆ ڕێگره له‌ به‌رده‌م هه‌ماهه‌نگی و هاوكاری یه‌كتری له‌ بواری سه‌ربازی و خه‌باتی شۆڕشگێڕانه‌ له‌ نێوان پارچه‌كانی كوردستان به‌ گشتی و ڕۆژهه‌ڵاتی كوردستان به‌ تایبه‌تی ، به‌ڵام گه‌لێك ڕێگا و كه‌ناڵی دیكه‌ هه‌یه‌ كه‌ بتوانێت په‌ره‌ به‌خه‌باتی نه‌ته‌وه‌یی هاوچه‌رخانه‌ی دیموكراتیانه‌ بده‌ین , ئه‌ڵبه‌ته‌ پشتگیری هه‌ماهه‌نگی ڕۆشنبیران و چین و توێژه‌ جیاجیاكانی كوردستان كاریگه‌ری پۆزه‌تیڤانه‌ی ده‌بێت له‌ كاراكردنی چالاكی سیاسی و فه‌رهه‌نگی گه‌شه‌ی فیكری له‌ پارچه‌كانی دیكه‌ی كوردستان ئه‌مه‌ش دیاره‌ ده‌گه‌ڕێته‌وه‌ بۆ ئه‌و ده‌رفه‌ته‌ی كه‌ بۆ باشوری كوردستان خولقاوه‌:

بۆیه‌ ئێمه‌ وه‌ك ده‌سته‌یه‌ك له‌ ڕۆشنبیرانی شارۆچكه‌ی ده‌ربه‌ندیخان وێڕای ئیدانه‌ كردنی تیرۆر و ڕه‌شه‌كوژی لاونی گه‌له‌كه‌مان له‌ ڕۆژهه‌ڵاتی كوردستان داو له‌دام و ده‌زگا نێو ده‌وڵه‌تیه‌كان و له‌ بواره‌كانی مافی مرۆڤ له‌ جیهان ده‌كه‌ین كه‌ چاودێری ڕه‌وشه‌كه‌ بكه‌ن و ڕێگربن له‌ به‌رامبه‌ر ئه‌و

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

پێشێلکارانەی کە ڕژێمی کۆنەپەرستی دژ بەئازادی ئێران دەرهەق بەگەلەکەمان بەڕێوەی دەبات ... هاوکات ڕەخنەی خۆمان لە میدیاکانی باشووری کوردستان دەگرین کەوەك پێویست گرنگی بەو ڕوداوە نادەن کە ئەمڕۆ ڕۆژهەلاتی کوردستانی پێدا تێدەپەڕێت .

- سەرکەوتووبێت خەباتی ڕەوای گەلەکەمان .

دەستەیەك

لە ڕۆشنبیرانی دەربەندیخان

2005/7/31

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com